Abstract

Cultural Semiotics in Serdemi Gryani Balqis-by Jabar Jamal Gharib is the title of this research which the concept of Semiotics has explained, the relations between cultural semiotics and literary texts have shown, and there, language, as the most important item which collects both of them has focused on. In another section, the most significant features counted and analyzed, cultural semiotics takes these features as a princips to undrstand cultural sems and signs through them.

Also in practical part of the research there are two major sections, the first is about local cultural signs in the novel, and the second is about universal cultural signs, there is no doubt that there are both types of cultural signs in the novel.



**الملخص**

السيميائية الثقافية في الرواية (سەردەمی گریانی بەلقیس- لجبار جمال غريب) هو عنوان هذا البحث الذي تطرق الى مفهوم السيميائية، وقد عرضت العلاقات بين السيميائية الثقافية والنصوص الأدبية ايضا، وهناك، اللغة، باعتبارها العنصر الأكثر أهمية الذي يجمع كلاهما، ركزت على دورها في السيميائية الثقافية. في قسم آخر، تم عد و تحليل أهم السمات التي تأخذ السيميائية الثقافية هذه الميزات كمبادئ لفهم العلامات والعلامات الثقافية من خلالها.

وجد أيضا في الجزء العملي من البحث قسمان رئيسيان، الأول عن العلامات الثقافية المحلية في الرواية، والثاني عن العلامات الثقافية العالمية، ولا شك في أن هناك كلا نوعين من العلامات الثقافية في الرواية.

https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2252.9

e-ISSN (2617-0752)          p-ISSN (2617-0744)

# دەرکەوتەکانی پۆستمۆدێرنیزم لە ڕۆمانەکانی فەرهاد پیربالّدا

سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی

زانکۆیسەلاحەدین، کۆلێژی زمان

Sangar.shekhmohammad@su.edu.krd

دلّدار عدو وسو

زانکۆی سۆران فاکەلّتیی پەروەردە

dldar.wsoo@kue.soran.rdu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیەی لەبەردەستە، ناونیشانەکەی (دەرکەوتەکانی پۆستمۆدێرنیزم لە ڕۆمانەکانی فەرهاد پیربالدا)یە، کە تێیدا تیشکخراوەتەسەر ئەوەی ئەدەبیاتی کوردی بە گشتی و ڕۆمانی کوردی بە تایبەتی، ئێستا لە قۆناغی پۆستمۆدێرنیزمدایە و بەشێکی دیاری ئەدەبیاتی کوردی لەسەر ئەو ڕەوتە دەڕوا.

ڕۆمانەکانی فەرهاد پیربال دەکرێ وەک ڕچەشکێنی بابەتەکە چاویان لێبکرێ، بە جۆرێک بەشی هەرە زۆری ئەو تایبەتمەندییانەی لە دەقە پۆستمۆدێرنیستییەکاندا هەن، لە ڕۆمانەکانی پیربالیشدا هەن و بە هەمانشێوەش لێکەوتە فیکرییەکان کە ڕەوتی پۆستمۆدێرنیان لەسەر بنیاتنراوە، بناغەی ڕۆمانەکانیان لەسەر داڕێژراوە، لەوانە پرسی ناسنامە و فیمینیزم و پچڕپچڕیی فیکرەکان و لێڵییان.. هتد

**وشە کلیلییەکان**: پۆستمۆدێرنیزم، ناسنامە، فرەلایەنیی هۆش، فێمینیزم، ڕەشبینی، گێڕانەوەی بالا)

## دەرکەوتەکانی پۆستمۆدێرنیزم لە ڕۆمانەکانی فەرهاد پیربالدا

## پێشەکی

بە درێژایی مێژوو کەمن ئەو فیکر و جۆر و ڕێبازە ئەدەبییانەی لە سنوورێکی دیاریکراو مابنەوە و نەپەڕیبێتنەوە ناو فیکر و ئەدەبیاتی زۆرینەی نەتەوەکان؛ پۆستمۆدێرنیزم وەک سەردەم و وەک ڕەوتێک قۆناغێکە و ئەدەبیاتی بەشێک لە نەتەوەکانی دونیا تێیانپەڕاندووە و ئێستا لە قۆناغی دوای پۆستمۆدێرنیزمن و هەندێکیشیان تازە بۆنی ئەو فیکر و ڕەوتەیان دەگاتێ. لە ئەدەبی کوردیدا بە گشتی و لە ڕۆمانی کوردی بە تایبەتی ئێستا بەشێکی بەرچاوی ئەو دەقانەی دەنووسرێن کاریگەریی ڕەوت و فیکری پۆستمۆدێرنیان بەسەرەوەیە و ئەمەش هەم شێوە و فۆڕمی دەقەکانی گۆڕیوە و هەم بابەتەکانیشی.

ئەم توێژینەوەیە چییەتی و فەلسەفەی پشت پۆستمۆدێرنیزم و ئەو لێکەوتە و تایبەتمەندییانەی لە ڕۆمانەکانی فەرهاد پیربالدا دەخاتەڕوو کە لە بناغەدا لە فیکری پۆستمۆدێرنیزم و ئەدەبیاتی سەر بە ڕەوتی پۆستمۆدێرنیزمدا هەن و لە ڕۆمانەکانەدا مەزرێنراون، لەوانە پرسی گومان و ڕەشبینی و ڕەتکردنەوەی گێڕانەوەی بالا و فێمینیزم و پرسی ناسنامە کە بێگومان ئەو پرسانە پانتاییەکی فراوانیان لە ڕۆمانەکانی پیربالدا گرتووە و نموونەی زۆر بۆ لێکەوتەکان لە ڕۆمانەکان هێنراونەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە بە میتۆدی ڕەخنەی پراکتیکی نووسراوە و کۆتایی توێژینەوەکەش بە چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکان و پوختە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی کۆتایی پێهێنراوە.

## ١- پێناسە و فەلسەفەی پشت پۆستمۆدێرنیزم

### ١-١ پێناسەی پۆستمۆدێرنیزم :

دیاریکردنی پێناسەیەکی پڕبەپێست بۆ (پۆستمۆدێرنیزم- post modernism)کارێکی گران و پڕ کێشەیە، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک، گرنگترینیان ئەمانەن: پەلهاوێشتنی پۆستمۆدێرنیزم بۆ نێو چەندین بواری جیاوازی وەک فەلسەفە، هونەر، بیناسازی، کۆمەڵناسی، ئەدەب... هتد، هەروەها دروستبوون و زیادبوونی تایبەتمەندییەکانی پۆستمۆدێرنیزم بە بەردەوامی لە گشت بوارەکان و نەبوونی دیدگایەکی نەگۆڕ و ڕوون یەکێکی ترە لە هۆکارەکان، جگە لەمەش هەر نووسەر یان بیرمەندە و لە بواری تایبەت بە خۆی بە جۆرێک پێناسەی دەکات، بۆیەش پێناسەکان بە گوێرەی بوارەکان و تێپەڕینی کات گۆڕانیان بەسەردادێت، هەندێک لە بیریاران باوەڕیان وایە "پۆستمۆدێرنیزم هاوشێوەی پاش بونیادگەری و پاش هەڵوەشانەوەگەرایی ڕەخنەیەکە لە جوانیناسیی سەردەمی پێش خۆی، جگە لەمە بانگەشەی نەهێشتنی دابی نەریتی و نەریتی کۆنی ڕەتدەکردەوە و دژی دەوەستا" (گورین و دیگران، ١٣٨٨: ٣٨١).

قسەی پۆست مۆدێرنیستەکان ئەوەیە کە "نابێ لە چوارچێوەی ڕووکارەکانی (مۆدێرن) بمێنینەوە و وابەستەیان بین، بەڵکو پێویستە سوود لە نەریتی سەردەمەکانی ڕابردووش وەربگرین، چونکە لە دیدی ئەوان نەریتەکان کەرەستەی بەردەستن بۆ داهێنانی نوێ" (شمیسا، ١٣٧٨: ٣٢٠)، بەڵام لەگەڵ ئەم سوودوەرگرتنەش پێویستە بە شێوەیەکی وابێت کە وەک پلارگرتن بێت لە ڕابردوو، یان شتێکی سوودبەخش بێت، چونکە لە دیدی ئەوان سوود و زیانی هەر شتێک ڕێژەین، لە بارەی نەریتەکانی ڕابردووش هەر بەو جۆرەیە، واتە شتی سوودبەخش هەیە و زیانبەخشیش "پۆست مۆدێرنیستەکان هەر جۆرە مەفهومێکی مەنتقگەرایانەیان ڕەتدەکردەوە کە فەلسەفەی خۆرئاوایی بە دروستی

دەزانی و لەو باوەڕەدا بوون تەواوی تێگەیشنەکانیان شیمانەیی و ڕێژەین" (گورین و دیگران، ١٣٨٨: ٣٨١)، کەواتە پۆستمۆدێرنیستەکان لەگەڵ ئەوەدا نەبوون، هیچ حەقیقەتێکی ڕەها بەسەر خەڵکدا بسەپێنرێت و دژی ئەوە بوون خەڵک ناچاربکرێت پابەندی تاکە حەقیقەتێک بن، "پۆست مۆدێرنیزم بە جۆرێک لە دوالیزمی ناکۆک، یان ڕەمزدانانی دوالیزمی دێتە ژمار کە لە ناو یان ناونیشانی دوولایەنە شاراوەیە: بەردەوامیی مۆدێرنە و پەرەسەندنیەتی" (چگنز، ٢٠١٧: ١٣)، واتە پۆستمۆدێرنیزم لەسەر بنەمای ڕێژەیییبوونی ڕاستی لە زانست و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و تەنانەت نەریتی ڕابردوو دامەزراوە و بەرانبەر هەموو ئەمانە بە گومانە و بە چاوێکی گوماناوی سەیریان دەکات و ئەو گوتەیەی کە دەڵێت "پۆستمۆدێرنیزم درێژەپێدەر یان جێگرەوەی مۆدێرنیزمە، ڕاست نییە، چونکە پۆستمۆدێرنیزم سوود لە مۆدێرنیزم وەردەگرێ، بەڵام نەریتی ڕابردوو و فەرهەنگی کۆن فەرامۆش ناکات، بە کاریاندێنێت هەتا ئەگەر بە مەبەستی تەنزیش بێت" (شمیسا، ١٣٧٨: ٣٢٠) لەم ڕوانگەیەشەوە پۆستمۆدێرنیزم گرنگی بەو کارانە دەدات، کە لە نەریت و داهێنانی تازە ئاوێتەی یەکن، واتە نە بە تەواوی دژایەتیی نوێگەری و داهێنان دەکات، نە بەتەواوی پشتگیرییان دەکات.

سەبارەت بە سونەتیەکانیش هەڵوێستەکەی هەر بەم چەشنەیە، بۆیە دەگوترێت "پۆستمۆدێرنیزم لە بنەڕەتدا تێکەڵەیەکی گیراوەیە لە هەر جۆرە نەریتێک لەگەڵ نەریتەکانی ڕابردوو: هەم بەردەوامی مۆدێرنە، هەم بەرزبوونەوە لێی و هەم پەرەسەندنیەتی، لە خەسڵەتی سەرەکی پۆست مۆدێرنەکاندا، دەکرێ لە کۆد و ڕەمز، چەند ڕەهەندی ئاڵۆز، هەجوەکان، هەڵبژاردنی هەمەڕەنگ و پەرشوبڵاوی و ناکۆکی و بەردەوامی بدۆزینەوە" (چگنز، ٢٠١٧: ٧ ) هۆکاری ئەم جۆرە نووسینەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پۆستمۆدێرنیزم چیتر باوەڕی بە واتایەکی جێگیر و ئاشکرا نییە، کە مۆدێرنیزم بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو دەقەکان واتای

شاراوە و جۆراوجۆر لەخۆدەگرن کە ئەو شاراوەیی و زوو خۆبەدەستەوەنەدانانەش یەکێکن لە تایبەتمەندییەکانی پۆستمۆدێرنیزم.

**٢-١ فەلسەفەی پشت پۆستمۆدێرنیزم:**

لە ڕاستیدا پەنجە خستنە سەر فەلسەفەیەکی جێگیر و دیاریکراو بۆ پۆستمۆدێرنیزم تا ڕادەیەک زەحمەت و ناهەموارە ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی، خودی پۆستمۆدێرنیزم لە ڕووی واتا و تێگەیشتنی ئاڵۆز و ناڕوونە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تر پۆستمۆدێرنیزم پێچەوانەی قوتابخانە و سەردەمەکانی پێش خۆی، ڕوئیایەکی دیار و بنەمایەکی جێگیری نییە، بەڵکو بە بەردەوام تایبەتمەندی و ڕوخساری لە گۆڕاندایە، ئەمەش لەبەر ئەوەی باوەڕی بە ئاڕاستە و دونیابینییەکی ئەبەدی و کۆنکریتی نییە، بەڵکو باوەڕی بە ڕێژەییبوون هەیە.

هەروەها ڕەشبینی و نیهیلیزم یەکێکی ترە لە فیکرە فەلسەفییە بەرچاوەکانی پۆستمۆدێرنیزم، کە لە "ئەنجامی بێئومێدی و جۆرێک لە شک و گومان و ڕەشبینی لای مرۆڤ دروستدەبێت" (حوسێن، ٢٠٠٧: ٢٤٠) دەبێتە بەشێک لە ڕوئیا و دونیابینیی پۆستمۆدێرنیستەکان.

جگە لەمەش پۆستمۆدێرنیستەکان باوەڕیان بە سیستەم و نەزمێکی جێگیر نییە، واتە "پێچەوانەی مۆدێرنیزمن، کە تایبەتمەندییەکی سیستماتیکیی هەیە، واتە ئەوەی کە خاوەن نەزمێکە لە عەقڵەوە سەرچاوەی گرتووە" (خاتەمی، ٢٠١٣: ٤٤٦) ئەمەش واتە پۆستمۆدێرنیزم بە دوای نەزمێکی تازەدا دەگەڕێت کە مەرج نییە تاکە سەرچاوەی عەقڵ بێت، بەڵکو "پۆستمۆدێرنیزم تەواوی واقیعی (بوون) بە ماتریالیزمی تەقلیدییەوە گرێ دەدات، سیستەمی (بوون) وەک فینۆمینۆلۆژی لە چوارچێوەی ماتریالیزم و ماتریالیزمی هەستی- ئەزموونی لێکدەدەنەوە و لە چەمکی ماتریالیستی تێپەڕ نابێت" (رهنمایی، ١٣٩٩: ٨١).

بەشێک لە بیریارانی پۆستمۆدێرنیزم "هێرش دەکەنە سەر ئەو ئەفسانانەی ڕەوایەتی بە مۆدێرنیزم دەدەن، واتە هێرش دەکەنە سەر ئەفسانەکانی وەک گێڕانەوە گەورەکان، ئازادی، پێشکەوتنی مرۆیی لە ڕێگەی زانست، ئەوەی کە فەلسەفە دەتوانێت بۆ پەروەردە و بەرفراوانکردنی زانستێکی باوەڕپێکراوی جیهانی، یەکێتییەکی نوێ سازبکات" (ساراپ. ١٣٨٢: ١٧٩)، واتە پۆستمۆدێرنیزم وەک قەڵغانێک دژی ئەو بانگەشانە دەوەستێتەوە و هەموو ئەمانە بە بێ بنەما وەسفدەکات، بەمەش "بیری پۆستمۆدێرنیزم بە شێوەیەکی سروشتی دژی بنەما نەگۆڕەکان، بۆ بەدەستهێنانی زانین (مەعریفە) دەوەستێتەوە" (رهنمایی، ١٣٩٩: ٨٢) کەوایە زانین و پرۆسەی بەرهەمهێنانی زانین لە دیدی پۆستمۆدێرنیزم لەسەر ڕێچکە و بنەمایەکی چەسپاو بەدەستنایەت، بەم هۆکارەیە کە دەوترێت "پۆستمۆدێرنیزم حەزێکە بەرەو (ڕێژەییبوون) و دابڕان لە عەقڵانیەت و هەنگاونانە بەرەو بێباوەڕی" (ریتزر،١٣٨٨: ٧٦٢)، کەواتە دەتوانین بڵێین پۆستمۆدێرنیزم ڕاستییەکان و واقیع لە دیدە چەسپاو و نەگۆڕەک ڕزگار دەکات و بە چاوێکی گوماناوی و بە دیدێکی ڕێژەیی لێی دەڕوانێت "فەلسەفەی پۆستمۆدێرنیزم لادان و دژایەتیکردنی ڕوناکبیری، بەزانستیکردن و عەقڵگەرایییە و وەک نمونەیەکی گشتگیر و فرەگێڕانەوە چاویان لێدەکات، واتە وەک پاش بونیادگەرایی هەوڵی لادانی هەر جۆرە واتایەکی دیار و جێگیر دەدات" (نوذری،١٣٨٨: ٣٦٠) ئەمەش لادانە لەهەر پرەنسیپێک کە وەک واقیعێکی نەگۆڕ سەیری بکرێت، هەروەها ئەوان لەو باوەڕەدان پشتبەستن بە عەقڵ و زانست و پێشکەوتن بە تەنیا و پشتکردن لە لایەنە دەروونی و ڕوحییەکان، کارەساتی گەورە بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

### ٣-١ تایبەتمەندییەکانی پۆستمۆدێرنیزم:

لێرەدا دەمانەوێت گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی پۆستمۆدێرنیزم لە دیدی تیۆردانەرانی ئەدەبی بخەینە بەرچاو، کە هەریەکەیان کۆمەڵێک تایبەتمەندییان دەستنیشانکردووە بۆ ئەم جۆرە بەرهەمانە. دواتر ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە ڕۆمانەکانی (فەرهاد پیرباڵ)دا ڕەنگیانداوەتەوە بە وردی ڕونکردنەوەیان لەبارەوە دەدەین، پاشان نموونەکان دەخەینەڕوو دواتر شیاندەکەینەوە.

(ئیهاب حەسەن) یەکێکە لە تیۆردانەرانی ئەدەبیاتی پۆستمۆدێرنیزم، کە لە ڕێگەی خشتەیەکەوە دیارترین تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی پۆستمۆدێرنیزم دەخاتە بەرچاو، ئەمەش بە بەراوردکردنی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی مۆدێرنیزم، لەگەڵ ئەوەشدا ناوبراو پێیوایە ئەم خشتەیە تەواوی مەبەستەکە ناپێکێت تەنیا یارمەتیدەرێکە بۆ ئاسانتر تێگەیشتن لە پۆستمۆدێرنیزم و مۆدێرنیزم واتە لە ڕێی ئەم خشتەیە دیارترین دەرکەوتە و خەسلەتەکانی هەریەکە لە مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزمی لە چوارچێوەی خشتەیەکدا خراونەتەڕوو، لە خوارەوە خشتە پێشنیازکراوەکەی ناوبراو خراوەتە ڕوو کە بەرچاوڕوونییەکی باشە بۆ ناسینەوەی ئەدەبی پۆستمۆدێرنیزم:

| مۆدێرنیزم | پۆستمۆدێرنیزم |
| --- | --- |
| ●ڕۆمانسیزم، سیمبۆلیزم | ●پاتافیزیک، دادایزم |
| ●فۆرمی داخراو و پێکەوە بەستراو | ●فۆرمی کراوە و لێکترازاو |
| ●ئامانج(هدف) | ●یاری، خۆشی، چێژ |
| ●پلان، بەرنامە بۆ دانراو | ●ڕێککەوت و بەخت |
| ●دورکوتنەوە یان کەنارگیری | ●بەشداریکردن |
| ●پێکهێنانی بەرهەم و تەواوکردنی | ●پێکنەهێنان، پێکهاتە شکێنی |
| ●ئامادەبوون(حضور) | ●ئامادەنەبوون(غیاب) |
| ●سەرنجدان | ● پەرتبوون یان دابەشبوون |
| ●ژانر/ سنوور | ●دەق/ ناودەقێتی(intertextuality) |
| ●واتاناسی | ●هونەری دەربڕین |
| ●بنەماگەری | ●بنەماشکێنی |
| ●دڵنیایی | ●گومان و شک و دوودڵی |
| ●گرنگیدان بە واتای قووڵ | ●گرنگیدان بە خوێندنەوەی ڕووکەش |
| ●هاوئاهەنگی و هارمۆنیەت | ●نەبوونی هارمۆنیەت و هاوئاهەنگی |
| ●میتافیزیک | ●گاڵتە و گەپ |
| ●هەبوونی پەیوەندی لە نێوان بەشەکانی دەق | ● نەبوونی پەیوەندی و جیابوونەوە بەشەکان |
| ●گێڕانەوە/ڕووداوی گەورە | ●گێڕانەوەڕووداوی بچووک و لاوەکی |
| ●گرنگیدان بە (مەدلول)نیشانە بۆکراو | ●گرنگیدان بە (دال)نیشانە |
| ● هەبوونی ناوەڕۆکێکی مەعریفەتناسی | ● هەبوونی ناوەڕۆکی بووناسی |

(عامری،١٣٩١ :٣٠-٣١)

(سیروس شمیشا) ئەم تایبەتمەندییانە لە هەشت خاڵدا کورت دەکاتەوە کە ئەمانەن "١- گومان و نادڵنیایی،٢ -پەیوەندیی کورت و پەرش و بڵاوی، ٣-بونیادشکێنی و دژە بنەماگەری، ٤-نەبوون یان

(خۆ)نەبینین، ٥-شیاونەبوون لە پێناسەکردن و دەربڕین، ٦-تێکەڵکردن، ٧-ناهارمۆنیەت، ٨-خستنەڕووی شتی سەیروسەمەرە و پوچی و جنێودان" (نسب، ١٣٩٣ :١٥) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک تایبەتمەندیی تر لە خشتەکەدا هەن، کە (سیروس شمیسا) باسی نەکردوون لە دیارترین ئەو تایبەتمەندییانەش دەکرێت ئاماژە بکەین بە ١-ئەدەبی پۆستمۆدێرنیزم خاوەنی فۆڕمێکی کراوەیە، ٢-ئەدەبی پۆستمۆدێرنیزم ناوەڕۆکێکی گاڵتە ئامێزی هەیە، بایەخێکی زۆر بە ڕێکەوت و بەخت دەدات...هتد

یەکێکی تر لە تیۆردانەرانی ئەدبی پۆستمۆدێرنیزم کەوا کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بۆ ئەم ئەدەبە خستوونەتەڕوو دێڤد لویچە کە دەکرێت لەم چەند خاڵەدا کورتیان بکەینەوە "١- گومان و نادیاری، ٢- نەگونجاوی و نەبوونی هارمۆنیەت، ٣-زیادەڕۆیی، ٤- لەدەستدانی بنیات لە دەقدا، ٥- پەیوەندیی کورت، ٦-دژبوون، واتە لەم جۆرە دەقانەدا ڕای دژبە یەک هەیە، ٧- دوورکەوتنەوە، ٨-نادیاری" (شمیسا،١٣٧٨ :٣٢٢-٣٢٣) لێرەدا ئەوە بەرچاودەکەوێت کە ئەو تیۆردانەرانە بە جۆرێک لە جۆرەکان هەوڵیانداوە تەواوی خەسڵەتەکانی ئەدەبی پۆستمۆدێرنیزم لە چەند تایبەتمەندییەکدا کورتبکەنەوە بە مەبەستی زیاتر ئاسانکاریکردن بۆ لیکۆڵەرەوانی ئەم بوارە هەتا ڕادەیەکیش لە دیاریکردنی تایبەتمەندییەکاندا لەسەر چەند خاڵێک کۆک و هاوڕان.

**(زهرا عامری)** لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی (**بررسی شعر پۆست مدرن فارسی در دهەهای هفتاد و هشتاد**) چەند تایبەتمەندییەکی بۆ دەقی پۆستمۆدێرنیزم خستۆتەڕوو کەوا لێرەدا دەیان خەینەڕوو :

١-نکۆڵیکردن لە هەقیقەت و بێ متمانەیی بەرانبەر نەریت و مۆدێرنیزم.

٢-نکۆڵیکردن لە واقیعێکی جێگیر و چەسپاو.

٣-پۆستمۆدێرنیزم لەسەر بنەمای چەند واتایی یان بێواتایی دروستبووە.

٤-گوماناوی لە بیرکردنەوە، واتە نابێت بە ڕەهایی بڕیار لەسەر دروستی و نادروستیی شتەکان بدەین.

٥-پۆستمۆدێرنیزم بڕوای بە هەمەڕەنگی و فرەیی هەیە و جەخت لەسەر فرە کلتووری، فرە نەتەوەیی، فرە نەژادی، فرە ڕەگەزی، فرە هەقیقەت دەکاتەوە" (عامری، ١٣٩١ :٣٠).

**(حمید رضا شایگان فر)** چەندین تایبەتمەندی بۆ ئەدەبی پۆستمۆدێرنیزم دەستنیشانکردوون لە کتێبی (نقد ادبی)دا، کە لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو بنەما و تایبەتمەندییانە دەکەین:

١-بەراوردکردنی بابەتی دوورلەیەکتر بۆ نموونە بەراوردکردن لە نێوان دوو کلتوور یان شارستانیی دوورلەیەکتر.

٢-جەختکردن لەسەر جیاوازینەکردن لە نێوان شیعر و پەخشان.

٣-تێکەڵکردنی واقیع و خەیاڵ.

٤-تێکەڵکردنی چێژی ڕۆشەنبیران و خەڵکی ئاسایی، واتە تێکەڵەیەک لە کلتووری باڵا و کلتووری چینەکانی خوارتر و نەهێشتنی سنوور لە نێوانیان.

٥-گرنگیدان بە ڕابردوو بە مەبەستی ڕەخنە و گاڵتەپێکردن.

٦-پیشاندانی جیهان وەک هەیکەلێکی ڕزیو و بێهودەی ڕووە و وێرانبوون.

٧-تێکچڕژانی ژانره ئەدەبییەکان لە نێو یەک دەقدا.

٨-گرنگیدان بە شتە نامۆ و نادیار و نهێنییەکانی ژیانی ڕۆژانە.

٩-تێکەڵکردنی مێژوو لەگەڵ ئەفسانە و داستان چونکە پێیانوایە ئەستەمە دەستمان بە ڕاستیی ڕووداوە مێژووییەکان بگات هەر بۆیەش هیچ جیاوازییەک نابینن لە نێوانیاندا.

١٠-پیشاندانی جیهانە جیاوازەکان بۆ نموونە پیشاندانی جیهانی تاکێکی گوندنشین و جیهانی تاکێکی شارنشین. (شایگان فر، ١٣٨٤ :٢٢١-٢٢٣)

١١-گرنگیدانی لە ڕادە بەدەر بە زمان و یاریکردن بە زمان(الحيدري،٢٠١٣ :١٢٥).

١٢-چەند دەنگی یان چەند ئاوازیی قسەکەرەکان پێچەوانەی ئەدەبی مۆدێرنیزم کە تاکە دەنگێک بە تەنیا قسە دەکات لەبارەی ئەوانی تر. (ابراهيمى و رحيمى ،١٣٩٦ :٢٨٥)

١٣-تەنیایی و ڕەشبینی کاراکتەر و پاڵەوانی دەق. (شمیسا،٢٠١٨ :٤٢٨)

هەروەک ئاماژەمان پێدا لە تەوەرەکانی داهاتوو ڕوونکردنەوە لە بارەی دیارترین ئەو تایبەتمەندییانە دەدەین کە لە بەرهەمەکانی (فەرهاد پیربال) ڕەنگیانداوەتەوە:

## ٢- پراکتیکی لێکەوتە فیکرییەکانی پۆستمۆدێرنیزم

### ٢-١ نادیاری و گومان:

لە ڕۆمانی پۆستمۆدێرندا چیتر مەعریفە و زانین بە شێوازێکی ڕەها چاولێناکرێت، بەڵکو گشت زانین و مەعریفەیەک ڕەهایەتی لەدەستدەدات و بە چاوێکی گوماناوی و ڕێژەیی شتەکان دەبینن "چارەنووسی پاڵەوان و ڕووداوەکان لێڵ و نادیارە، بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ پێشکەوتنی زانستدا، هەموو مەسەلە ڕەهایە کۆنەکان گۆڕان بۆ مەسەلە ڕێژەییەکان، باوەڕ بە ڕێژەییبوون و ناڕەهایەتی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی چاخی نوێ" (شمیسا،٢٠١٨ :٤٢٧) جگە لەمەش پۆستمۆدێرنیزم بەرانبەر گشت ڕووداو و بارودۆخە جیاوازەکان بە گومانە و هەرگیز وەک کۆتا ڕاستی و هەقیقەت سەیری شتەکان ناکات و ناوەندیەتی و جێگیری ڕەتدەکاتەوە و لەگەڵ (ڕێژەییبوون) سەروکاری هەیە. لە تەواوی پێشهاتەکاندا "ئەزمونی پۆستمۆدێرنیزم لە هەستێکی قووڵی بێباوەڕیی بوونناسی سەرچاوە دەگرێت، ئیتر نە جیهان یەکێتی و پێکهاتەیەکی یەکگرتوو و واتایەکی هەیە نە خود، هەموو شتێک بە توندی ناوەندگەرایی خۆی لەدەستدەدات و بەرەو ڕێژەییبوون دەڕوات" (سلدن، ١٣٨٤ : ٢٢٤) بەمەش نووسەرانی پۆستمۆدێرنیزم بەرهەمەکانیان بە جۆرێک دادەڕێژن، کە خوێنەر تووشی سەرگەردانی دەبێت و گومان دەکات بەرانبەر ئەو ڕووداوانەی دەق و ڕووداوەکان و تەنانەت چارەنووسی کەسایەتییەکان نادیار و ئاڵۆزن، ئەمەش بە زۆری لە کۆتایی دەقەکەدا بەدیاردەکەوێت واتە "لە کۆتایی بەرهەمە پۆستمۆدێرنیزمەکاندا کەسایەتییەکان کۆتاییەکەیان نادیار و لێڵە" (إبراهیمی،رحیمی،١٣٩٦ :٢٨١).

لە ڕۆمانی(قەبرێکی سێگۆشە)دا، پاڵەوانی ڕۆمانەکە، کە ناوی(فەرەیدون)ە، لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا چارەنووسی بە نادیاری دەمێنێتەوە، تەنانەت چارەنووسی باوکە بێ سەروشوێنەکەشی کە هەر

ناوی(فەرەیدون)ە و نازناوی (موسا تەوحیدی)شی هەیە، هەر بە نادیاری و لێڵی دەمێنێتەوە، جگە لەمەش کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە بەرانبەر هەموو ئەو دەنگۆیانەی لەبارەی باوکیەوە دەگوترێن بە گومانە، هەروەک ڕۆماننووس لەسەر زاری کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە بەم جۆرە بیر لە چارەنووسی باوکی خۆی دەکاتەوە:

"سیمینارێکم لەسەر(مەلەک تاوسی دایکی پیرۆزی ئێزدییەکان)هەیە، شەو بۆ نووستن لە دهۆک دەمێنمەوە و بۆ سبەکەی دێمەوە لات

گوتم: باش.

ئیتر هەر ئەو ڕۆژە بوو، چیتر"بابۆی من" نە گەڕایەوە و.... نەمبینیەوە!

ئایا پاش سیمینارەکەی، لە(شەنگاڵ)"کوشتبوویان"؟

یان پاشتر بە شەو لەسەر ڕێگەی چوونە دهۆک ڕفاندبوویان، یان خستبوویانە بیرێکەوە؟

یانیش وەک هەندێک دەڵێن لەوێڕا پاش سیمینارەکەی، لەگەڵ هەندێک لە ڕۆشەنبیرانی ئێزدی چووبوو بۆ سەردانی پەرستگای لالش و لەوێ چیان لێکردبوو؟ نازانم، من هیچ شتێک نازانم، ئاخر بڵێم چی؟" (پیربال،٢٠١٨: ١٤٤)، هەروەک دیارە، پاڵەوانی ڕۆمانەکە بەردەوام لە ناو خەیاڵ و دوودڵی و گوماندایە و چارەنووسی باوکەکەی، هەر بە نادیاری دەمێنێتەوە، پاڵەوان نازانێت حەقیقەتی دیارنەمانی باوکی چییە و چی بەسەردا هاتووە. تەنانەت پاڵەوانی ڕۆمانەکە پاش دەسگیرکردنی نازانێت کێ ئەوی بە گرت داوە، تەنانەت لە نزیکترین هاوڕێکانی خۆی بە گومانە، سەرەڕای ئەمەش تا کۆتایی ڕۆمانەکە چارەنووسی خۆشی هەر بە

نادیاری دەمێنێتەوە، ناشزانێت شوێنی دەسگیرکردن و لایەنی دەسگیرکەریش کێیە و دیاریش نییە کە چارەنووسی پاڵەوانی ڕۆمانەکە لەناو زیندان چی بەسەر دێت. ڕۆماننووس لەسەر زاری (فەرەیدون)ی پاڵەوانی ڕۆمانەکە بەم جۆرە بابەتەکە دەگێڕێتەوە :

"بیرم دەکردەوە : کاتێ لەناو هۆڵی میوانەکە بووین، خەندان بۆچی بە منی گوت (تاکو خۆم بانگت نەکەم نەیەیتەوە دەرەوە؟ ئایا لەگەڵ (سەیدۆ) لە ناو هۆڵی میوانەکە چییان گوت؟ چییان کرد؟

بۆچی هەر ئەو کات پۆلیسی نەهێنایە سەرم و نەیانبردم؟ بڵێم چی؟ ڕەنگە لەو کاتەدا هەر لەوێ پلانێکیان دارشتبێت. خۆ دووریش نییە (سەیدۆ)ی پسمامی چووبێت موخبیری لیم دابێت لەوانەشە (ئیبۆ)ی شوفێر، هیچ دووریش نیە هەردوکیان! یانیش شەهلا... بڵێم چی باوەڕ ناکەم" (پیربال،٢٠١٨ :١٨٤)، کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە وا سەریلێشێواوە، گومان لە سێبەری خۆشی دەکات.

## ٢-٢ تەنیایی و ڕەشبینی:

لە ڕۆمانی پۆستمۆدێرندا ژیان و بوون و تەواوی ڕووداوەکانی جیهان بە پووچ بێبایەخ سەیر دەکرێن و کاراکتەرەکانی نێو دەقەکە بە گشتی تەنیا و بێهیوا و ڕەشبینن، واتە لەو جۆرە بەرهەمانەدا ڕەشبینی و نائومێدی ڕەگەزێکی زاڵە، چونکە پۆستمۆدێرنیستەکان بە فەلسەفەی بوونگەرایی کاریگەربوون، بە تایبەتی لەژێر کاریگەریی بیروبۆچوون و فیکرەکانی (نیچە) کە دەکرێت بڵێین ئەو "تاکە فەیلەسوفە بەر لە پەیدابوونی پۆستمۆدێرنیزم، پێشبینی ئەوەیکرد کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی دواجار بێبنەمایی و بێبەهایی بانگەشەکانی مۆدێرنیزمی بۆ دەردەکەوێت و تووشی ترس و ڕەشبینی و پووچگەرایی دەبێتەوە و تووشی داڕوخانێکی مەعنەوی دەبێت" (رابینسن،١٣٨٠ :٥)، کاتێک ئەو

ڕەشبینییەش کۆمەڵگا دەگرێتەوە، دەپەڕێتەوە ناو ئەدەبیات و بەو پێیەی ڕۆمانیش نزیکترین بەرهەمە لە واقیعی کۆمەڵایەتی، بۆیە زۆرترین کاریگەری بەسەر ئەودا دەبێت.

ئەم خاسیەتە زۆر جار بە (پارانۆیا) ناوی دەهێنرێت کە تیایدا "کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمان نەخۆش و دەردەدارە و تووشی وڕێنە بووەتەوە" (شمیسا،٢٠١٨ :٤٢٣)، واتە لە ڕۆمانی پۆستمۆدێرنیستیدا ئەوە بە ڕوونی بەدیاردەکەوێت کە کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە کەسێکی شکستخواردووە و بەردەوام لە ناو یادەوەرییەکانی ژیانی ڕابردوویدایە و لەبەر خۆیەوە قسە دەکات جگە لەمەش "پاڵەوان کەسێکی تەنیا و ڕەشبینە" (شمیسا،٢٠١٨ :٤٢٨) .

لە ڕۆمانی (سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا) کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە ناوی (دارا)یە و بەردەوام تووشی نائومێدی و ڕاڕاییەکی کوشندە دەبێت، هەست بە تەنیایی و نائومێدی دەکات و بەردەوام بیر لە یادگارییەکانی سەردەمی منداڵی دەکاتەوە، بیر لە دایک و باوک و خوشک و هاوشارییەکانی خۆی دەکاتەوە کە بە هۆی شەڕ و جەنگەوە هیچیان لە ژیان نەماون، هەروەک ئەوەی کە لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت :

"بە تەنیا، تا دەمەدەمی ڕۆژبوونەوان بە دیار قاوەیەکی ساردەوە دادەنیشم، سەرم لەناو هەردوو دەستم، بیرم دەکردەوە، بەخۆمم دەگوت : ئەوەتا، ئەمڕۆ، بە تەواوەتی بێکەس و تەنیا ماویتەوە! دایکت، باوکت، خوشکت، براکانت، هەروەها زۆربەی زۆری کەس و کار و ئاشناکانی شارەکەت.. لەناوچوون. حەیف هاوڕێکانی سەردەمی مناڵی و گەنجیشت، ئەمڕۆ تەنیا بوونەتە تارمایی و یادگارییەکی دوور، هەر یەکەیان پەڕاگەندەی وڵاتێک و کیشوەرێک بوونە ....وڵاتەکەشت بە تەواوەتی بۆتە گۆڕستانێک، ڕۆژ بە ڕۆژیش پتر وێران دەکرێ، هەموو شتێکت: مناڵیت، گەنجێتیت، شارەکەت وڵاتەکەت..لەناوچوون، ......چیت؟ بەچی دەچیت؟

وەک تەنەکەیەکی پیسی پڕ زبڵت لێ هاتووە،... چۆن دەتوانی پاکی خۆت و ئەو ڕابردووە شیرینەی خۆت ڕزگار بکەی" (پیربال،٢٠٠٢ :٥١) هەروەک وتمان، کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە لە تاو ئەو کارەساتەی، کە بەسەر خزم و کەسوکار و وڵاتەکەی هاتووە بە تەواوی هەست بە بێکەسی و تەنیایی و داڕووخانی دەروونی دەکات، ئیتر ژیان بۆ ئەو هیچ مانایەکی نەماوە و تووشی ڕەشبینی و نائومێدییەکی زۆر بووە، جگە لەمەش نووسەر لە بەشێکی تری ڕۆمانەکەدا لەسەر زاری کاراکتەرێکی ڕۆمانەکەی بە ناوی (مەدام کارلۆس) کە قسە بۆ کەسێک دەکات بە ناوی (مەدام تاردیۆ)، باس لەوە دەکات چۆن کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە کە ناوی دارایە، تووشی وڕێنە و نائومێدی بووە و لە خەودا قسە لەبەر خۆیەوە دەکات:

"ئێرە ئەوروپایە، چڵپاوە، درۆیە، وەهمە. ئێرە تەنها وەهمێکە "وەک پڵنگێک لە ژورێکدا بەسترابێتەوە و هاوار بکات، ئاوا یەک بە دەنگی خۆی هاواری دەکرد. ئیتر شێت بوون لەوە زیاتر چیتری دەوێ. دەنگی مەدام کارلۆس بوو، بە مەدام تاردیۆی دەگوت" (پیربال،٢٠٠٢ :١٢٢-١٢٣) بەم جۆرە ڕۆماننووس لەسەر زاری دوو کارەکتەرەکەی باسی تێکچوونی باری دەروونیی کارەکتەری سەرەکی دەکات، باس لەوە دەکات پاڵەوانەکە تووشی وڕێنە و شکستێکی ڕۆحی بووەتەوە، جگە لەمەش لەسەر زاری هەمان کاراکتەرەکانی پێشوو دووبارە باس لە ناڵەناڵی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە دەکات کە تووشی لەبیرچوونەوە و سەرگەردانی بووە، وەک ئەوەی لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت:

"چاوت لێیە؟دەنگی نەما! ئەمە دەنگی مەدام کارلۆس بوو، کە لە هەمان نهۆمی ژوورەکەی مندا دەژیا، بە (مەدام تاردیۆ)ی دراوسێکەیانی دەگووت:

- ماوەیەک پێش ئێستا دەگریا، لالانەوەی ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیشت.

-من بە بیرم نەدەهاتەوە ئاخۆ کەی بوو لە بارِی (بوورگۆس) لەلای (لالۆ)ی تاقە هاورِێمەوە گەرِابوومەوە ژوورەکەی خۆم، نەمدەزانی چەندی مانگە، نەمدەزانی چەند شەممەیە، نەمدەزانی کاتژمێر چەندە، نەمدەزانی کەی بووە گریاوم" (پیربال،٢٠٠٢ :١١٤) دووبارە کارەکتەری سەرەکیی رِۆمانەکە تووشی لالانەوە و گریان و ورِێنە بووە، تەنانەت بیری نایەتەوە کە چ کاتێک بووە ئەوەی بەسەر هاتووە، ناشزانێت چ رِۆژێک و چ بەروارێک و چ کاتێکە، کە ئەو تێیدا وەخەبەر هاتووەتەوە. کەواتە پاڵەوانی رِۆمانەکە بە گشتی کەسێکی رِەشبین و نائومێدە و بەردەوام لە خەون و خەیاڵدایە و بەردەوام ورِێنە دەکات و بەردەوام خۆی بە بێکەس و تەنیا دێتە بەرچاو و نائومێدە لە ژیان.

**٢-٣ فێمینیزم:**

لە سەردەمی پۆستمۆدێرنیزمدا بابەت یان گوتاری فیمینیزم وەک هەر بابەت و بوارێکی تر گۆرِانی بەسەر دادێت و چوارچێوە و تێگەیشتنێکی جیاوازتر لە قۆناغەکانی پێشتر بەخۆیەوە دەبینێت، کە زۆرجار بە شەپۆلی سێیەمی فیمینیزم و گوتاری فێمینیستی ناودەبردرێت، لەم بارەشەوە "زەمینەی ئابووری، سیاسی... هتد کاریگەری هەبووە لەسەر بەرەوپێشچوون و پەیدابوونی ئەم شەپۆلەی فیمنیزم کە دوای دەیەکانی(١٩٧٠) لەژێر کاریگەریی (پۆستمۆدێرنیزم و پاش بونیادگەری) و تێکشکانی بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەم قۆناغە پەیدابووە" (وند، فام، ١٣٩١ :٦٦) واتە تێکشکانی سیستەمی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی یەکێک بوو لە هۆکارە گرنگەکان بۆ پەیدابوونی شەپۆلی سێیەمی فیمینیزم کە تیایدا گوتاری فیمینیستی گۆرِانی بە خۆیەوە بینی و دەستیان بە چالاکییەکانیان کرد لەبارەی ماف و داواکاری و بابەتە پەیوەندیدارەکانی بواری ئافرەتان، تەنانەت جەختیان لەسەر جیاوازییە مرۆییەکان دەکردەوە لە دیدی ئەوان "نە رِۆڵی هاوسەرگیری و

نه ڕۆڵی دایکایەتی، بەڵکو کۆمەڵێک پەیوەندیی سەپێنراو لەسەر ئافرەتان بووەتە هۆی بە کۆیلەبوونی ئافرەت، کۆمەڵێک ڕەفتار کە هەر لە کاتی لەدایکبوونەوە جیاوازی دەخەنە نێوان ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ، دەبنە مایەی ئەوەی ئافرەت بکەوێتە ژێر دەسەڵات و هێزی پیاوەوە" (سجادی، ١٣٨٤ : ١٥) واتە ئەو شەپۆلەی فیمینیزم هەوڵ بۆ نەهێشتنی جیاوازییە مرۆییەکان دەدات و کاردەکات بۆ نەهێشتنی ئەو ڕەفتارە نەشیاوانەی جیاوازیی ڕەگەزی دەکەنە بیانوو بۆ زاڵکردنی ڕەگەزێک بە سەر ڕەگەزێکی تر کە دواجار ئاکامەکەشی بە کۆیلەبوونی ڕەگەزی (مێ) یان ئافرەتانی لێدەکەوێتەوە، هەر بۆیە "لە سەردەمی پۆستمۆدێرنیزم گوتاری فیمینیزم بە ئاڕاستەی ئەوە کار دەکات کە دامەزراوە مەعرفەتناسییەکان تێکبشکێنێ و بە گومان و دوودڵی لە بونیادە کۆمەڵایەتییەکان بڕوانێت، جگە لەمەش زاڵکردنی پیاو بەسەر ئافرەت و سپی بەسەر ڕەش دەخەنە ژێر پرسیار" (نادری، ١٣٩١ :٥٠) کەواتە ئەوان کار بۆ نەهێشتنی ئەو بونیادە مەعریفییە دەکەن کە جیاوازی دروستدەکەن لە نێوان مرۆڤەکان و ڕەگەزە مرۆییەکاندا.

دەکرێت بڵێین "پۆستمۆدێرنیزم خاوەنی دیدگایەکی فراوانە و سەرنجدەداتە بابەتی جۆراوجۆر، پۆستمۆدێرنەکان بە دیاریکراوی لە فۆڕمی بزاوتە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و بۆ ئەم جۆرە بزوتنەوانە کاردەکات ئەوان دژی ستەم، سەرکوتکردن و نادادپەروەرین بەرانبەر ئافرەتان، هاوڕەگەزخوازان، ڕەشپێستان و ئەوانی تر" (نوذری، ١٣٧٩ :٣٠) کەواتە گوتاری شەپۆلی سێیەمی فیمینیزم کارکردنە بۆ مافی چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، بە تایبەت چینی چەوساوە و ستەملێکراو، واتە ئەوان تەنیا هەوڵیان بۆ ئافرەتان نییە، بەڵکو داوای مافی تەواوی پێکهاتە و چینە چەوسێنراوەکان دەکەن.

لێرەدا لە ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا) نموونەیەک دەخەینە بەرچاو کە ڕۆماننووس لە سەر زاری کارەکتەرێکی خۆی بە ناوی (ساقی گوڵچین) کە قسە لەگەڵ کاراکتەرێکی دیکە دەکات بە ناوی(محمدی حاجی زادە) باس لە کێشەی ئافرەتانی بێ کەس و تەنیا دەکات کە چۆن دەبنە نێچیری پیاوان، لێرەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ڕۆماننووس بایەخی  بە کێشەی ئافرەتان و گرنگیی ڕۆڵی دامەزراوە و ڕێکخراوە فیمینیستییەکان داوە:

"ساقی گوڵچین: بە ئاشکرا، بە هێز و باوڕی فێمینیستانەی خۆی، بە نیازی بەرگریکردن لەو بێوەژنە کەساسە، دووپاتی کردەوە:

-بەڵێ، من بەم مەرجە دەتنێرمە لای ڕوئیا خانم کە چارەنوسی ئەم ڕوئیا خانمە لە دەست ئەو پیاوە مەغریبیە ڕزگار بکەیت و کارێکی وا بکەیت کە ئەو پیاوە عەرەبەی لە پێش چاو ڕەش بکەیت، چونکە ڕێکخراوە فێمینیستیەکەی ئێمەش لە ئەمریکا کار لە پێناو ڕزگارکردنی ئەم جۆرە ژنانە دەکات لە دەست زوڵم و زۆری ئەو جۆرە پیاوانەی کە دەیانەوێت ئافرەتی ئاوها بێکەس و خۆشباوەڕ بچەوسێننەوە" (پیربال،٢٠١٧ :١٣٣)، کەواتە بایەخدان بە ڕۆڵی ڕێکخراوە فیمینیستییەکان و کێشە و گرفتی ئافرەتە ستەملێکراوەکان، یەکێکە لەو تەوەرانەی ڕۆماننووس بایەخێکی زۆری پێداوە و داوای پارێزگاریکردن بۆ ئافرەتە بێکەس و خۆشباوەڕەکان دەکات کە ڕۆژانە هەڵدەخەڵەتێنرێن و دەچەوسێنرێنەوە.

جگە لەمەش ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (قەبرێکی سێگۆشە)دا، بایەخێکی زۆری بە چینە کۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیرییە ستەملێکراوەکانی تری کۆمەڵگا داوە، هەروەک لەسەر زاری کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەی بە ناوی (فەرەیدون) لە ڕێی بیرکردنەوەوە، بۆچوونەکانی باوکی دەگێڕێتەوە کە باس لەو ستەم و نادادییە دەکات کە لە هەمبەریان ئەنجامدەدرێت، وەک ئەوەی کە  لەم نموونەیدا دەردەکەوێت:

"پێش بڵاوبوونەوەی کتێبە ناودارەکەی، دەستی دابووە نووسینی کتێبێکیتری، بە زمانی عەرەبی بە ناونیشانی (لقد مات الحزب) تێیدا پاش سەلماندنی فەشەلهێنانی سیستمی حزب بۆ ناو پەرلەمان، داوای کردبوو (کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان) واز لە هەموو ئەو حیزبانە بهێنن و لیستی خۆیان دروست بکەن (لیستی کرێکار و کاسبکاران) (لیستی تەلەبە و گەنج) (لیستی مامۆستایان و موچەخۆران) (لیستی گوند نشین و جوتیاران) (لیستی ئەنفاڵ و شەهید، زیانلێکەوتووانی جەنگ) (لیستی پێشمەرگە) (لیستی ژن)...هتد" (پیرباڵ،٢٠١٨ :٩٥-٩٦ ) کەواتە بێجگە لە ئاوڕدانەوە لە مەسەلەی ژنان، داوای ماف و داخوازیی چینە ستەملێکراوە جیاجیاکان دەکات و داوای بەشداری ڕاستەقینەیان دەکات لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا، بۆ ئەوەی خۆیان نوێنەرایەتیی خۆیان بکەن و داوای ماف و داخوازییەکانی خۆیان بکەن.

هەروەها لە هەمان ڕۆماندا ڕۆماننووس گرنگیی زۆری بە ڕۆڵی ئافرەتان و توانای ئافرەتە بەهێزەکانی کۆمەڵگا داوە کە چۆن لە توانایاندایە بەرگری لە مافی ئافرەتان و تەنانەت پێکهاتە چەوسێنراوەکانی تری کۆمەڵگاش بکەن، وەک ئەوەی لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

"ڕەندان دەیگوت: شەهلا کاتێ بەشی فەرەنسی لە زانکۆی ئەستەمبۆڵ تەواوکردووە، لەوساوە بۆ ئاژانسی ڕۆیتەرز، لە هەمان کاتدا بۆ دەزگایەکی ئەنادۆڵیش کاردەکات وەک پەیامنێری مەڵبەندی ئەنادۆڵ لە ئۆفیسی (دیاربەکر) شەهلا چالاکوان و ڕۆژنامەنوسێکی زۆر دڵقایم و ئازایە بۆ دۆزی کوردان-بە تایبەتیش بۆ دۆزی ژن لە تورکیا هەفتانە گیروگرفت و داخوازییەکانی خەڵکی هەژار و پەکەکە و ئافرەتانی ئەنادۆڵ بە ڕیپۆرتاژ لە (ڕۆیتەرز) و (باس نیوز) بڵاودەکاتەوە "(پیرباڵ،٢٠١٨

:٢٢٠)، ئەمەش نموونەیەکە لە نموونەی دەیان ئافرەتی کۆڵنەدەر و مرۆڤدۆست و ژندۆستی ناو کۆمەڵگەی کوردستانی.

هەروەها لەسەر زاری فەرەیدونی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە بایەخێکی زۆری داوە بە بابەتی مافی ژن، لەبارەی میرات و ئازادییەکانی و هەروەها لەناوبردنی سیستەمی پیاوسالاری:

"لەو کۆبوونەوە ڕۆشەنبیریانەدا، بەبیرمە، بەردەوام باسی.... زەرورەتی هەڵوەشانەوەی سیستمی خێزان و مافی میراتی ژن و بەتایبەتیش ئازادیەکانی ئافرەت و لە ناوبردنی سیستەمی پیاوسالاری زۆر دەکرا" (پیربال،٢٠١٨ :٩٤)، ڕۆماننووس مەسەلەی ماف و داخوازییەکانی ژنانی کردووەتە تەوەرەیەکی گرنگ و بایەخێکی زۆری پێداوە لە ناو ڕۆمانەکانیدا.

لە ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم)دا باس لە زوڵم و زۆریی دەسەڵاتی عوسمانی دەرهەق بە کچ و کوڕە بەدیلگیراوەکان دەکرێت، لەم بارەیەوە ڕۆماننووس باوەڕی وایە جیاوازیی پلە و پایە و جیاوازیی نەژادی هۆکارێک بووە بۆ چەوساندنەوەی چینە بێ دەسەڵاتەکان و ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە، هەروەها باس لەوە کراوە کە چۆن ئاڵوگۆڕ و کڕین و فرۆشتن بە ڕەگەزی (مێ) کراوە و کوڕە گەنجەکانی ناو حەرەمسەرای سوڵتانەکایش بۆ ئەوەی دەستیان بە ئافرەتانی ناو حەرەمسەرا نەگات، چۆن لەو سەردەمەدا خەسێنراون، هەروەها باسی دیاردەی هاوڕەگەزبازیی نێوان ئافرەتانی ناو حەرەمسەرا دەکات لەو سەردەمەدا، کۆمەڵێک ڕەفتار و کرداری نەشیاوی دەسەڵاتی عوسمانی دەخاتەڕوو:

"تورکەکان ژن و کچی ڕەش یان ئەفغانی و ئەرمەنیان بە پیس دەزانی، بۆیە نرخی ئەوان لە کاتی فرۆشتن و ئاڵوگۆڕدا کەمتر بوو لەچاو

کچی بولگار و سرب و قەوقاس و یۆنانی، بە هەمان شێوە نرخی کوڕ و کوڕیژگە و گەنجەکانیش. ئەو کوڕ و پیاوە گەنجانەیان دەکردە غولام و واقچی و تەیان. ئەگەریش بیانویستایە ئەو پیاوە گەنجانە لە حەرەمسەرا دابنێن.. ئەوا دەیانخەساندن و لە پیاوەتیان دەخستن.

-کەنیزەک ئەگەر گزی بکردایە یان ئەگەر لەگەڵ پیاوێکی نەناسراو قسەی بکردایە، دەیانکوشت...

هاوجنسبازی لە ناو حەرەمسەرەدا بە گەرمی باوی هەبوو..بە تایبەت ژنەکان لەگەڵ یەکتردا چونکە لە سوڵتان زیاتر هیچ پیاوێک بۆی نەبوو دەست بۆ ئەو ژنانەی ناو حەرەمسەرا درێژ بکا" (پیربال،٢٠٠٧ :٢١٤-٢١٥) لێرەدا سەرەڕای باسکردنی نەهامەتییەکان، ڕۆماننووس گەڕاوەتەوە بۆ دواوە و باسی کلتوورێک دەکات کە هی چەندین دەیەی بەر لە ئێستایە و ئەویش چەوساندنەوەی ژنانە لە کۆمەڵگەدا و لێرەدا بە شێوەیەک مەزرێندراوە کە وەکو کارێکی خراپ چاوی لێکراوە و ئەمەش لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی فێمینیزمە بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئەو خراپییانەی لە کۆمەڵگە دژی ئافرەت دەکرێن.

**٢-٤ ناسنامە:**

گوتاری پۆستمۆدێرنیزم لەبارەی ناسنامە، بەو جۆرەیە کە ناسنامە واتایەکی جێگیر و جەوهەریی نییە، بەڵکو "کۆمەڵێک لە پەیوەندییەکانی تاکن، کە واتا وەردەگرن، هەروەها ڕوانگەی کۆمەڵێک کەسە لە بارەی تاک، لەم بارەیەوە ناسنامە پرسێکی ناجێگیرە و مرۆڤەکان لە بارودۆخی کلتووری و جوگرافی و مێژوویی و لە ژێر کارتێکردنی هۆکاری نارێکخراو و هەرەمەکی ناسنامە وەردەگرن" (رفعت، ١٣٨٧ : ٥٦). بەم هۆکارەش ناسنامەی ئافرەت و پیاو لە ژێر کاریگەریی هۆکارە کلتووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرجەستە دەبێت و تاک بە

شێوازێکی ئاگامەندانە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی شێوازی هەڵسوکەوتەکانی لە ناو کۆمەڵگادا ناسنامەی کۆمەڵایەتی بۆ خۆی فەراهەم دەکات، بۆیە "پرسی ناسنامە لای ئاوان بابەتێکی ڕێژەییە و هەرکەسێک لە بارودۆخی تایبەتەوە ناسنامەی خۆی وەردەگریت، واتە لەو جیهانە پارچە پارچەیەدا مرۆڤ ڕۆڵی جیاجیا دەبینێت، بەمەش ناسنامەی جیاجیا وەردەگرێت، بە پێچەوانەی قۆناغی پێشتر کە مرۆڤ بەدوای ناسنامەی یەکپارچەدا دەگەڕا" (نادری، ١٣٩١ :٤٩)، هەروەک وتمان نووسەرانی پۆستمۆدێرنیزم بایەخێکی ئێجگار زۆر بە پرسی ناسنامەی مرۆڤ دەدەن، بەبێ جیاوازیکردن لە نێوان ڕەگەزەکاندا.

فەرهاد پیربال لە ڕۆمانی(هوتێڵ ئەوڕوپا)دا یەکێک لەو پرسە سەرەکییانەی کردوویەتییە تەوەرێکی سەرەکیی ڕۆمانەکەی و ڕۆمانەکەی لەسەر دامەزراندووە، پرسی ناسنامەیە، ئەو لەسەر زاری (فەرهاد)ی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەی باس لە پرسی ناسنامەی پەناهەندەی نیشتەجێی وڵاتانی ئەوڕوپی دەکات:

"بە خۆمم دەگوت ئەوا چەندین ساڵە من لە ئەوروپا دەسوڕێمەوە؟ من لێرە کێم؟...چیم؟ من لە ئەوڕوپا مانام چیە؟ کێ دەمناسێ؟" (پیربال،٢٠١٧ :١٧٢). بەمەش پاڵەوانی ڕۆمانەکە هەست بەبێ ناسنامەیی و گومڕایی دەکات و پێیوایە دوورکەوتنەوە لە کلتوور و خێزان و نیشتمانەکەی هیچ مانایەکی لە (بوون)ی ئەودا نەهێشتووەتەوە، لە بەرانبەردا بۆ کەسێکی ئەوروپی ئەم هەستە تەواو پێچەوانەیە، چونکە لەسەر خاکی خۆی و لە ناو کلتووری خۆیدا دەژیێت، هەر بۆیەشە پرسی ناسنامە دەبێتە شتێکی ڕێژەیی و لە گۆشەنیگای تاکەکاندا واتا وەردەگرێت، جگە لەمەش پۆستمۆدێرنیزمەکان باوەڕیان وایە تاک پێویستە بۆ خۆی ڕۆڵی هەبێت لە سازدان و دروستکردنی ناسنامەی

خۆی، واتە مرۆڤ دەبیت ڕۆڵی هەبێت لە دروستکردنی ناسنامەی تایبەت بە خۆی:

"لۆسیانا گووتی: ئێوە پێویستە لەسەر خاکی خۆتان ناسنامەی خۆتان دروستبکەن. ناسنامەی خۆتان. پێی لەسەر وشەی(ناسنامە)داگرت. پێویستە ناسنامەیەکی خۆتان هەبێت، نەک ئەوروپا وەک ماسک و دەمامکێکی خوازراو بنێن بە ڕوخسارتانەوە.

لۆسیانا: وڵاتانی ڕۆژهەڵات بەوانەی ئێوەشەوە سیستەمێکی تۆتالیتاری و دیکتاتۆر بەڕێوەیان دەبەن.وایە؟

فەرهاد: بەڵێ.

ئینجا گوتی: من مارکسی و کۆمۆنیست نیم، بە هەڵە تێم نەگەی! نەژاد پەرستیش نیم، پاشان گوتی ئێوە دەبێ ڕۆڵی خۆتان هەبێت لە سەرنگونکردنی ئەم ڕژێمانە" (پیربال،٢٠١٧ :٨١-٨٢). ئەمە ئاخاوتنی (میسیۆ لۆسیان)ە لەگەڵ (فەرهاد) کە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە دەبێت مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی، بە تایبەت ئەوانەی لە ئەوروپا دەژین، پێویستە خۆیان ڕۆڵیان هەبێت  لە دروستکردنی ناسنامەی خۆیان و نابێت ناسنامەیەکی ئەورووپی وەک دەمامکێک بخەنە سەر ڕووخساریان، بۆ دروستکردنی ناسنامەش، پێویستە ئیرادەیان تێدابێت و وڵاتەکانیان ئازاد بکەن لە دەست سیستەمی تۆتالیتار و ڕژێمە دیکتاتۆرەکان، جگە لەمەش مومارەسەکردنی مافی ئاینی و کلتووری لەلایەن تاکەکان ئامرازێکە بۆ چەسپاندنی ناسنامەی خۆیان:

"میسیۆ لۆسیانا گوتی: جولەکەکانی پورتوگاڵ وەک میلەتی کورد ئەمڕۆ لە تورکیا و ئێران و سوریا مافی هاوڵاتی بوون و ڕەگەزنامەیان هەرگیز پێ نەدراوە و نەیانتوانیوە مومارەسەی دین و کەلتوری نەتەوەیی

خۆیان بکەن" (پیربالّ،٢٠١٧ :٨١-٨٢)، وەک دەبینین ڕۆماننووس بایەخی بە کلتوور و ناسنامەی نەتەوە  چەوساوەکان داوە و دژی سەپاندنی کلتووری گشتییە و پێیوایە نەتەوە و کەلتورە ناوچەییەکان مافی ئەوەیان هەیە خاوەن ناسنامە و کلتووری خۆیان بن و مومارەسەی دین و کلتووری خۆیان بکەن. هەروەک وتمان ڕەفتار و هەڵوێستی تاکەکانە، کە دەبێتە مایەی زامنبوونی پرسی ناسنامە.

## ٣- لێکەوتەی پۆستمۆدێرنیزم لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکاندا

### ٣-١ فرەلایەنیی هۆش:

مەبەست لە فرەلایەنیی هۆش ئەوەیە، کە لە ڕۆمانی پۆستمۆدێرنیزم زیاتر گرنگی بە دەربڕینی لایەنی دەروونیی پاڵەوانی دەق دەدرێت، واتە "جیهانی نەست خراوەتە سەر جیهانی هەست، بە واتایەکی تر، بیرکردنەوە و خەون و یادەوەرییەکانی پاڵەوان شوێنی گێڕانەوە دەگرێتەوە و نووسەر لەسەر هێڵێکی جێگیر باس لە ڕووداوەکان ناکات، بەڵکو بەشەکانی ڕۆمان بە شێوازێکی هەڕەمەکی دەخرێنەڕوو، ڕۆمانەکە خاڵی دەستپێک و ناوەند و کۆتایی نییە و زیاتر بەرەو لایەنەکانی هۆشی پاڵەوان دەڕوات" (شمیسا،٢٠١٨ :٤٢٨) ئەم تەکنیکەش زیاتر لە بیروبۆچونەکانی (ژیل دۆلۆز) و (فلیکس گتاری) دەبینرێت، کەوا بە نموونەی (کوارگ) یان (قارچک) دەناسرێت، واتە ئەوان تەکنیکی داڕشتنی ڕۆمانی پێشتر "کە نموونەی درەختی بوو دەگۆڕن بۆ نمونەی (کوارگ) یان کووزەڵە کە هیچ خاڵێکی دەستپێک و ناوەند و کۆتایی نییە و هیچ سەرچاوەیەکی دیار و هیچ بونیادێکی ڕەهای نییە و لە هیچ خاڵێکی دەستنیشانکراو دەستپێناکات و خاڵی کۆتاییشی دیار نییە، واتە تۆڕێکە لە پێکهاتە و چنراو کە ناتوانرێت ڕیشەکێش بکرێت هەرچەند ڕیشەکێشی بکەی دووبارە زیندوو دەبێتەوە، ئەگەر کێشە لە هەر بەشێکدا هەبێت کار لە تۆڕ گەورەکە ناکات" (کلیگز،١٣٨٨ :٢٤٦-٢٤٧) لێرەدا مەبەست ئەوەیە

که ڕۆمان له چەندین پارچەی لێکترازاو پێکدێت و هەبوونی خەوش و کەموکوڕی له هەر بەشێکدا کار له پێکهاتەی ڕۆمانەکه ناکات.

له ڕۆمانی (قەبرێکی سێگۆشە)دا، ڕۆماننووس لەسەر زاری (فەرەیدون)ی کارەکتەری سەرەکی باسی برینداربوونی باوکی خۆی دەکات که لەناو خۆیاندا دەناڵێنێت و ئەویش ناتوانێت یارمەتی بدات، بەمجۆره بەردەوام دەبێت له گێڕانەوەکەی خۆی، تا ئەو کاتەی بێداردەبێتەوه و دەبینێت خەونه، واته ڕۆماننووس له ڕێگەی خەونەوه درێژه به گێڕانەوەکەی دەدات و بەرەو لایەنی هۆشی پاڵەوان دەڕوات:

"هەر زوو دیتم ئەوه تەنیا من نەبووم، که تەماشای لالانەوەی (بابۆ)م دەکرد، بەڵکو خەڵکێکی زۆر له دەورم بوون. بەبیرم نایەتەوه کێ بوون، له کوێ بووین؟ بەڵام پێکەوه تەماشای بابۆمان دەکرد. هەموومان بەڕۆح و جەسته ئاتاجی ئەو بووین؛ دەمانویست بچین ڕزگاری بکەین، بەڵام نەماندەزانی چی بکەین و چۆن؟

بابۆ هەر دەلالایەوه و ئێمەش نەماندەزانی چۆن بتوانین بچین ڕزگاری بکەین:

-بابۆ.. ۆ..

-ب..ا..ب..ۆ..ۆ..ۆ..

لەو دەمەدابوو له خەونەکەم ڕاچڵەکیم و...هتد" (پیرباڵ، ٢٠١٨ :١٩-٢٩)

بێجگه له خەون، ڕۆماننووس پشت به جادوو دەبەستێت تا بیکاته دەروازەیەک و لێیەوه بچێته ناو ناخ و دەروونی کارەکتەر، (فەرهاد) له

بەرانبەر تەشتێک ئاوی جادوویی دادەنیشێت و ژیانی داهاتووی باوکی دەبینێت:

"من تەماشای ناو قووڵایی ئاوە ڕەنگینەکەم دەکرد، عەینەن فیلمێکی سینەمایی دەیبینیم، دیتم ئاوەکە ڕوون ڕوون بووەوە و باوکم بە دیارکەوت...

لە ناو لەگەنە پڕ ئاوە ڕەنگینەکە، باوکمم دیت ژنێکی تازەی هێنابۆوە و زەماوەندێکیان بۆ ساز دابوو، خەنەبەندانی بووک گواستنەوە بۆ باوکمم دیت...

لە ناو حەمامی قەلاتێیە حەمام کەسی لێ نییە لە باوکم زیاتر، حەمام هەر هەمووی تەرخانکراوە بۆ باوکم، باوکم زاوایە.. لە ناوەڕاستی حەمام..هتد" (پیربال،٢٠٠٧ :٢٩٢)، ڕۆماننووس هەم دەروونی کارەکتەرەکان دەخوێنێتەوە کە حەزیان لە چییە و هەم داهاتووشیان دەخوێنێتەوە.

لە (قەبرێکی سێگۆشە)دا، ڕۆماننووس لە ڕێگەی گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە کە فەرەیدونە، گێڕانەوەکەی دەپچڕێنێت و بەرەو لایەنی هۆشەکی و یادەوەرییەکانی پاڵەوان دەڕوات و پاشان دوای چەند لاپەڕەیەک ئینجا دێتەوە سەر گێڕانەوەی ڕوداوەکە:

"موسا توحیدی کێیە؟.....

گوێ بگرە دەقیقەیەک و شەش چرکە مۆڵەتی بیرکردنەوەت دەدەینێ...

ئەم دەنگە لۆق درێژە، بە حونجەکردنی ناوی موسا توحیدی چ ساڵانێکی هەم شیرین، هەم تاڵی خستەوە بیرم! ئەو ڕۆژگارەی تەمەنم(١٢) تا (١٣)ساڵان بوو:

باوکم لەگەڵ خۆی دەیبردم بۆ کۆڕوکۆبوونەوەی نووسەر و کەلە ڕۆشەنبیرەکانی وەک (یاسین ئاکرەیی) و (ڕیاز وادی) و (محمد موکری) و (حکیمی ملا صالح) و (دکتۆرە شوکرییە ڕسول)...

دەقیقەیەک و شەش خولەکەک تێپەڕی، هێشتا هەر وەڵام نادەیتەوە؟!

ئینجا هاواری کردە سەرم: قسە بکە (موسا توحیدی) دەناسیت یان نا؟" (پیربال، ٢٠١٨ : ٨٩-٩٩،٩٠) وەک پێشتر گوتمان، ڕۆماننووس لە ڕێگەی هێنانەناوەوەی لایەنە هۆشەکییەکانی وەک بیرکردنەوە و خەون و سیحر و جادوو و خەیاڵەوە، هێلەکانی گێڕانەوەکەی تێک و پێک دەدات و هارمۆنیەت و گونجاویی بەشەکانی دەقەکەی دەشڵەژێنێت هاوشێوەی کەسێک کە تووشی نەخۆشیی شیزۆفرۆنیا بووبێت، بابەتی ناپەیوەست و دوور لەیەکتر پێکەوە باس دەکات، هەروەک ئەوەی کە خستمانە ڕوو لە بابەتی دادگاییکردن و پرسیارکردن لەبارەی (موسا توحیدی) باز دەدات بۆ سەردەمی منداڵیی خۆی و بیرەوەرییەکانی منداڵیی خۆی دەگێڕێتەوە، واتە گێڕانەوەکەی دەپچڕێنێت و نزیکەی (٩) لاپەڕە تەنیا بیرەوەری و بیرکردنەوەکانی خۆی دەگێڕێتەوە، دواتر دێتەوە سەر گێڕانەوەی پێشتر کە بە تەواونەکراوی جێی هێشتبوو.

لە ڕۆمانی (سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا)دا، ڕۆماننووس لە لاپەڕە(٧٠)دا هێلی گێڕانەوەکەی دەپچڕێنێت و بەرەو لایەنی بیرکردنەوەی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە دەڕوات، تا دەگاتە لاپەڕە (٧٨) ئینجا دووبارە دێتەوە سەر بابەتی سەرەکی کە گەشتکردنی پاڵەوانە لە (پاریس)ەوە بۆ (سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا)، واتە هەر لە لاپەڕە(٧٠) تاکو

لاپەڕە(٧٨)تەنیا بیرکردنەوە و خەیاڵی ڕۆژگاری ڕابردووی کارەکتەرەکەیە:

"لیباردۆ گوتی:

-یەک شت دەمێنێتەوە.

-چییە؟

-هەندێ شوێن هەن ڕێگریت لێ دەکەن کە بتوانیت وەهمێک بۆ خۆت دروست بکەیت.

-ئەمە بەراستی کارێکی قورسە.

- چی؟

-کە بتوانیت وەهمێک بۆخۆت دروست بکەیت و ڕزگارت بکا.

-بەڵێ، بێگومان. هونەرمەند لەو خەڵکە دەگمەنانەیە کە توانای ئەوەی هەیە، وەهمێک بۆ خۆی دروست بکات. تەنیا ئەو وەهمە ڕزگاری دەکا، ئەو وەهمە بۆ هونەرمەند بە تەواوەتی بریتییە لە ئەلتەرناتیڤێک.

-ئەلتەرناتیڤی چی؟

-ئەلتەرناتیڤی واقیعێک، بەهەشتێک، ئاسودەییەک...

نازانم بۆچی، لە ناو کافتریای شەمەندەفەرەکەدا، بەدەم کێشانی سکێچێکەوە ئەم گفتوگۆیەی خۆمم لەگەڵ لیباردۆ هاتبۆوە یاد!" (پیربال،٢٠٠٢ :٧٨)

ئەم وەبیرهاتنەوەیە سەرەڕای ئەوەی چەند چەمکێکی فەلسەفیی قورسی وەک وەهم و ڕزگاربوون و ئاسوودەیی دێنێتە ناوەوە، دەشچێتە ناو هۆش و بیرکردنەوە و ناخی کارەکتەر و ئەوەی هەیەتی دەیخاتەڕوو و بە خوێنەر دەڵێت لە هۆشی کارەکتەری من ئەمە هەیە.

**٣-٣ ڕەتکردنەوەی گێڕانەوە مەزنەکان:**

لیۆتارد دەڵێت "پۆستمۆدێرنیزم لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لە بێباوەڕی بەرانبەر داستان(گێرانەوە) مەزنەکان، واتە ڕەتکردنەوەی گێڕانەوەی مەزن، یان گێڕانەوەی زاڵ، ئەو گێڕانەوەیەی کە ڕێچکە و ڕێباز و لۆژیکی خۆی پێ باشترین و لۆژیکیترین گێڕانەوەیە" (چراتی، خالقی و مولایی، ١٣٩٤ :٣٤٤)، کەواتە پۆستمۆدێرنیزم تەواوی ئەو گێڕانەوانە دەخاتە ژێر پرسیار و پێیوایە ئیتر ئەو ئەفسانانە پیرۆزیی خۆیان لەدەستداوە، چونکە لە شرۆڤەکردنی جیهان و مرۆڤ و دیاردەکانی دەوروبەر سەرکەوتوونەبوون و مرۆڤایەتییان تووشی نەهامەتیی زۆر کردەوە، مەبەست لە ڕەتکردنەوەی گێڕانەوە مەزنەکان ڕەتکردنەوەی ئەو ئایدۆلۆژیا و سیستەمە جیهانی و فەلسەفی و بیردۆزانەیە، کە واتایەکی تەواو بە جیهان و مرۆڤ دەبەخشن و بانگەشەی ئەوەدەکەن کە مرۆڤ دەگەیەننە کەنارێکی ئارام و شیکردنەوەیەکی گشتگیر بۆ تەواوی ڕووداوەکان دەکەن، لەم ڕووەشەوە پۆستمۆدێرنیزم تەواوی ئەو گێڕانەوانە ڕەتدەکاتەوە و جەخت لەسەر ڕێژەییبوون و گێڕانەوە بچووک بچووک و ناوچەییەکان دەکاتەوە لە چوارچێوەی کلتووره ناوچەییەکاندا.

لە دیدی پۆستمۆدێرنیزم "ئیتر هیچ بونیادێک نییە، تاکو بتوانرێت ئارەزوو و ئامانج و باوەڕەکانی لەسەر بنیادبنێین، ئەم بێ بناغەیی و بێ بونیادیە، زیاتر لە هەر شتێک بە واتای بێباوەڕی بەرانبەر گێڕانەوە مەزنەکانە، بە واتایەکی تر ئێستا مرۆڤ هیچ باوەڕێکی بەو ئەفسانە و

گێڕانەوە گەورانە نەماوە، کە لە ڕابردوودا شێوازی بیرکردنەوە و ژیان و کار و کردەوەکانی بۆ مرۆڤ دیار دەکرد" (نعیمی، ١٣٩٠ :٧٦-٧٧)، بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت، پۆستمۆدێرنیزم دژی هەر ئایدیا و فەلسەفە و زانستێک دەوەستێتەوە کە ڕەوایەتی تەنیا بە خۆی دەدات و ئەوانی تر ڕەتدەکاتەوە، لەم ڕووەوە پۆستمۆدێرنیزم کار لەسەر ڕێژەییبوونی هەر هزر و باوەڕێک دەکات و تەواوی پیرۆزییەکان تێکدەشکێنێت و نیشانەی پرسیاریان دەخاتەسەر، چونکە هەموو ئەو بانگەشانەی کە وڵاتانی ئەوروپا لە بارەی ئازادی و خۆشگوزەرانی و ئاشتی بە خەڵکی دابوو، دوای جەنگی دووەمی جیهان، بە بێ بنەما دەرچوون و خەڵکیان بە تەواوی نائومێد کرد.

لەم ڕووەوە ڕۆماننووس زۆر بە توندی ڕەخنە لە عەقڵی مۆدێرن و ئەو ئایدۆلۆژیایانە دەگرێت کە وڵاتانی زلهێزی جیهانی لەسەر بونیادنراوە، وەک ئەوەی کە لەم نموونەیە دەردەکەوێت:

"-مەگەر ئەم جەنگەی عێراق-ئێران خودی فەڕەنسا و ئەمریکا و وڵاتە زلهێزەکانی دیکەی ئەوڕوپا سازیان نەکردووە؟

فلیپ گوتی: با.

-چما هەر ئەوانیش ئەم هەموو هێزەیان نەداوەتە عێراق بۆ ئەوەی ئێمەی بێ وڵات قڕ بکات؟

-ئەوەیە ئیتر ئەمریکا و ئەوروپا قەحپەن... هەم سەریشمان دەبڕن هەم بۆشمان دەگرین.

هەرچۆنێک بێت، من دەمزانی کە ئیتر بێ هودەیە! هەموو ئەمریکا و ئەوڕوپا و تەنانەت هەموو دونیا لە پشت ڕژێمێکی دیکتاتۆردا وەستاون کە دەیەوێت وڵاتەکەم سەر ببڕێت و نەتەوەکەم لەناو ببات، مردین

هێندەی لەبەردەم بارەگا و سەفارەتخانە و ڕێکخراوەکاندا هاوار بکەین و مان بگرین و خۆمان پیشانبدەین. تاکەی؟چیتر بکەین؟چیمان لەدەست دێ؟" (پیربال،٢٠٠٢:٥٢-٥٣) لێرەدا ڕۆماننووس ڕەخنە لەو وڵاتانە دەگرێت کە بانگەشەی ئازادی و مافی مرۆڤ و سیستەمی دیموکراسی دەکەن و هەموو ئەمانە بە بێ بنەما وەسفدەکات و سەفارەتخانە و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەخاتە ژێر پرسیار و بڕوای وایە هەموو ئەمانە لە پشت وڵاتە دیکتاتۆرەکان وەستاون و یارمەتییان دەدەن بۆ چەوساندنەوەی خەڵک و قڕکردنیان. هەروەها زۆر بە توندی ڕەخنە لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ دەگرێت و پێیوایە بە بەرچاوی خودی ڕێکخراوەکە سووکایەتی بە بەها مرۆڤایەتییەکان دەکرێت، هەروەک لەم بارەیەوە ڕۆماننووس لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا لەسەر زاری (محمدی حاجی زادە) دەڵێت:

"محمدی حاجی زادە دەی گوت :

ئەو کەمپە پیسەی ئێمە کە لە حەپسخانەیەکی ئەشکەنجەدانی سەدەکانی ناوەڕاست دەچوو بە تەواوەتی کەوتبووە تەنیشت باڵەخانەی (ڕێکخراوی مافی مرۆڤ) لە شاری شەمزینلی، لە دوورەوە ئاڵایەکی بچکۆڵەی ئەو ڕێکخراوەمان دەدیت، کە لەسەر لوتکەی باڵەخانەکە دەشەکایەوە" (پیربال،٢٠١٧ :١٨)، بانگەشەی وڵاتان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بۆ ڕێزگرتن لە مرۆڤ و مافی پەنابەری گێڕانەوەیەکی مەزنە، بەڵام ڕۆماننووس و کارەکتەر کە دوو ڕووی یەک دراون و هەردووکیان پۆستمۆدێرنیستن، ئەو مەزنییە ڕەتدەکەنەوە.

ڕۆماننووس هەر بەمە ناوەستێت و لەسەر زاری هەمان کارەکتەر ڕەخنە لە سیستەمی سەرمایەداری و ئەو ئایدۆلۆژیایانە دەگرێت کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئەمریکایان لەسەر بونیاتنراوە "محمدی حاجی زادە بە ئاشکرا ڕەخنەی لە سیستەمی سەرمایەداری دەگرت و پێی وابوو کە

ئەمریکا، فەڕەنسا، ئینگلستان و ڕوسیا هەر لە کۆنەوە لەسەر ڕوتاندنەوەی خێروبێری وڵاتانی ڕۆژهەڵات دەژین" (پیربالّ،٢٠١٧ :١٢)، کەواتە ڕۆماننووس بە ئاشکرا دژی بانگەشەکانی وڵاتە زلهێزەکان دەوەستێتەوە و سیستەمی سەرمایەداری و ئایدۆلۆژیای ئەم وڵاتانە تەنیا بە ئەفسانە و گێڕانەوەیەکی زلی بێ ناوەرۆک دەبینێت کە بوونەتە هۆی چەوساندنەوەی خەڵکی ڕەش و ڕووت و بێ دەسەڵاتی وڵاتانی ڕۆژهەڵات.

هەروەها لە ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم)دا، ڕۆماننووس لەسەر زاری دوو کارەکتەر بە ناوەکانی (پیربالّ) و (مام موڕادی موهاجیر)دا، کە گفتوگۆیان لەسەر سەرهەڵگرتنی کەسێکە بە ناوی (سەهیۆن)، لە هەولێرەوە بەرەو ئەسفەهان، لەم گفتوگۆیەدا ڕۆماننووس لەسەر زاری (مام موڕادی موهاجیر) زۆر بە توندی ڕەخنە لەو وڵاتانە دەگرێت کە ئاگری جەنگی دووەمی جیهانییان هەڵگیرساندووە، بوونەتە هۆی دەربەدەربوون و سەرگەردانبوونی مرۆڤ لەو سەردەمەدا، جگە لەمەش ڕەخنە لە شوعیەت و هیتلەر و ئینگلستان دەگرێت، وەک ئەوەی کە لەم نمونەییەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

"من بیرم لە قسەکانی مام موڕادی چایچی دەکردەوە :

-ئەو جەربەزەییەی گەنج دەتوانێ بیکا تەنیا لای من و تۆ هێندە ئاستەنگە، بەڵام بۆ گەنجێکی وەک سەهیۆن تەنیا سەفەرێکە ؛ تاقیکردنەوەیەک و.. تەواو...

مام موڕادی چایچی ڕاستی دەکرد؛ هەولێر لەژێر پەرژەنگ و چنگە بژیولووشەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا خارخار ببوو، خیزاوی کردبووە قورگی هەموو کەسێک و دەستی بە زاخدا بردبوون. نیوەی زیاتری خەڵک دەسخەرۆ و مژۆڵی جەنگ بوون...

مام موراد گوتی : ئەدی چووبا وەک ئەو هەموو خەڵکە، کە دەڵیی مێگەڵن.. بێ ئەوەی بیر لەوەش بکەنەوە شەڕ لە پێناو چی دەکەن ... خۆی بکردایەتە خۆراکی ئاگر؟ لە پێناو هیتلەر؟ لە پێناو ئینگلیز؟ لە پێناو شوعییەت؟" (پیرباڵ،٢٠٠٧ :١٣)، (مام مورادی چاپچی) پێی وایە ئەو سەرکردە و ئایدۆلۆژیا و وڵاتانە شایەنی ئەوە نین خەڵک خۆی بۆ بکاتە قوربانی و بە تەواوی دژی ئەو ئاگری جەنگە دەوەستێتەوە و تەنانەت پێیوایە ئەوانەی پشتگیری لەو ئایدۆلۆژیا و وڵاتانە دەکەن کەسانێکن وەک مێگەل لە جەنگێکی وێرانکەردا بەشداربوون.

**ئەنجام:**

١- دواڕۆژ و ژیانی ڕۆژانەی کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانی قەبرێکی سێگۆشە لێڵ و نادیارە و نازانین چی بەسەر دێ و بۆ وای لێدێ، کە ئەمەش یەکێکە لە بنەماکانی پۆستمۆدێرنیزم.

٢- ڕۆمانی سانتیاگۆ دیکۆمپۆستێلا بەرهەمی ڕەشبینییەکی تەواوە کە بیری ڕەشبینی بەسەریدا زاڵە و هەم واقیعێکی ڕەشبین و سەرەنجام هەردووکیان بوونەتە مایەی هێنانە ئارای ڕۆمانێکی پۆستمۆدێرن.

٣- ئەو پرسە مەزنانەی کە لە ئەوروپا و لای ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هەمیشە بەر باسن و گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت، لای پۆستمۆدێرنیستەکان ناویان نراوە گێڕانەوەی مەزن و بە تەواویش ڕەتدەکرێنەوە، ڕەتکردنەوەی ئەوانە لە ڕۆمانی سانتیاگۆ دیکۆمپۆستێلادا زۆر بە ڕوونی بەرجەستەکراوە.

٤- لە ڕۆمانی هۆتێل ئەوروپادا بایەخی زۆر بە خستنەڕووی مافی چەوساوەکان دراوە و لە ڕۆمانی قەبرێکی سێگۆشەشدا جەخت لەم بابەتە دەکاتەوە کە تەواوی بابەتەکان لێکەوتەی بیری فێمینیزمن و ئەویش ستوونێکی گرنگی فیکریی پشت پۆستمۆدێرنیزمە.

٥- پرسی ناسنامە پرسێکی گرنگە لای پۆستمۆدێرنیستەکان و لە ڕۆمانی هۆتێل ئەوروپاشدا گرنگترین پرسە کە زۆر بە وردی خراوەتەڕوو.

٦- لە هەردوو ڕۆمانی قەبرێکی سێگۆشە و سانتیاگۆ دیکۆمپۆستێلادا خستنەڕووی لایەنی دەروونی، کە خەسڵەتێکی دیاری پۆستمۆدێرنیزمە، بە وردی کاری لەبارەوە کراوە.

**لیستی سەرچاوەکان :**

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردییەکان:


- پیربال، فەرهاد(٢٠٠٢) سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- پیربال، فەرهاد(٢٠٠٧)حیکایەتەکنی باوکم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، هەولێر.
- پیربال، فەرهاد(٢٠١٧)هوتێل ئەوروپا، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- پیربال، فەرهاد(٢٠١٨)قەبرێکی سێگۆشە،چاپی دووەم، لە بلاوکراوەکانی خانەی کلتوری، تهران.
- چگنز، چارلس(٢٠١٧)پۆست مۆدێرنیزم چییە؟، و/ ڕێبین هەردی، لە کتێبی پۆست مۆدێرنە سەردەمی گۆڕانی هەلبژاردنە بێشومارەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- حوسێن، هیمداد(٢٠٠٧)ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، دەزگای توێژینەوە و لێکۆلینەوەی موکریانی، هەولێر.
- خاتەمی، محمود(٢٠١٣)سەرەتاکانی فەلسەفەی هاوچەرخ، و/ سعید کاکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- شمیسا، سیروس(٢٠١٨)ڕێبازە ئەدەبییەکان، و/هیمداد حوسێن،چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر.


## سەرچاوە بە زمانی فارسی:

-ابراهیمی، عزت ملا و رحیمی، صغری(۱۳۹٦)تحلیل مؤلفه‌های پسامدرنیسم در آثار جبرا خلیل جبرا(با تکیه بر رمان های البحث عن ولید مسعود و یومیات سراب عفان)، در مجله زبان و ادبیات عربی، بهار و تابستان، شماره ۱٦، صص۲۷۳-۳۰٦.

-چراتی، عیسی وند. خالقی، سیف الدین. ملایی، عزیز الله(۱۳۹٤)بررسی جامعه شناختی احمد شاملو در چارچوب پست مدرنیسم لیوتار،در مجموعه مقاله‌های دهمین همایش بین المللی ترویج زبان و ادب فارسی، دانشگاه محقق اردبیل،صص ۳٤۰-۳٥۱.

-رابینسن، دیوید(۱۳۸۰)نیچه و مکتب پست مدرن، ت/ ابو تراب سهراب و فروزان نیکوکار، چاپ٤، نشر فرزان، تهران.

-رفعت، مریم(۱۳۸۷)تاملی در هویت زن إیرانی، نشر دانشگاه إیران، تهران.

-رهنمایی، سید علی(۱۳۹۹)پست مدرنیسم و چالش بحران معنای زندگی، در فصلنامه تربیت إسلامی، تابستان، شماره ۳۲، صص۷۷-۹۲.

-ریتزر، جورج(۱۳۸۸)نظریه‌های جامعه شناسی در دوران معاصر، ت/محسن ثلاثی، چاپ ٤، چاپ گلرنگ یکتا، انتشارات علمی، تهران.

-ساراپ، مادن(۱۳۸٤)راهنمایی مقدماتی بر پسا ساختارگرایی و پسامدرنیسم، ت/ محمد رضا تاجیک،چاپ اول، چاپ غزال، نشر نی، تهران.

-سجادی، سید مهدی(١٣٨٤)فیمینیسم در اندیشه پست مدرن، مطالعات راهبردی زنان،سال ٧، شماره ٢٩، صص٧-٣٨.

-سلدن، رامان. ویدیوسن، پیتر(١٣٨٤)راهنمایی نظریه ادبی، ت/ عباس مخبر، طرح نو، تهران.

- کلیگز، مری(١٣٨٨)درسنامه‌ی نظریه‌ی ادبی، ت/ جلال سخنور و الاهه رهنوی و سعید سبزیان، چاپ نخست، انتشارات اختران، تهران.

گورین، ویلفد و.. دیگران(١٣٨٨)در آمدی بر شیوه‌های نقد ادبی، ت/ علیرضا فرح بخش و زینب حیدری مقدم، چاپ پنجم، راهنما،تهران.

-نادری، فرح(١٣٩١)اندیشه پست مدرنیسم و جایگاه زن،فصلنامه علمی: پژوهش زن و فرهنگ، سال٤، شماره ١٣، صص٤٣-٥٦.

-نعیمی، شیرزاد(١٣٩٠)ویژگی های پست مدرن در آثار حسین سیناپور، پایان نامه‌ی کارشناسی ارشد، رساله دکترا، دانشگاه کوردستان، دانشکده ادبیات،

--نوذری، حسینعلی(١٣٧٩)پست ندرنیته و پست مدرنیسم، چاپ اول، نقش جهان، تهران.

-نوذری، حسینعلی(١٣٨٨)صورتبندی مدرنیته و پست مدرنیته، چاپ سوم، چاپ دالاهو، انتسارات نقش جهان، تهرام.

-وند، ليلى عيسى. فام، محمد توحيد.(۱۳۹۱۹فيمينيسم پست مدرن و تحول در مفهوم دمكراسى، دانشگاه آزاد إسلامى واحد علوم و تحقيقات، دانشنامه حقوق و سياست، شماره ۱۷، تهران.

**Abtract**

This research entitled (Appearances of Postmodernism in Ferhad Pirbal's Novels), focused on the appearance of features of postmodernism in Kurdish literature generally and Kurdish novel in a specific way. The research castrated on that nowadays most of texts wrote in Kurdish language have wrote under the impact of postmodernism ideas and method.

The novels of Ferhad Pirbal can be looked as pioneers in Kurdish literature, because the writer finished his study in France and got the impact of European literature on his works.

The issue of identity, feminism, ambiguity and psychology of individual person are subjects the novels based on.

**الملخص**

ركز هذا البحث بعنوان (مظاهرات ما بعد الحداثة في روايات فرهاد بيربال) على ظهور ملامح ما بعد الحداثة في الأدب الكردي بشكل عام والرواية الكردية بشكل خاص. البحث ركزت على أنه في الوقت الحاضر، فإن معظم النصوص المكتوبة باللغة الكردية، قد كتبت تحت تأثير أفكار ومناهج ما بعد الحداثة.

يمكن اعتبار روايات فرهاد بيربال رائدة في الأدب الكردي، لأن الكاتب أنهى دراسته في فرنسا و وقع على تأثير الأدب الأوروبي على أعماله.

إن قضية الهوية والنسوية والغموض وعلم النفس للفرد هي مواضيع بنيت عليها الروايات.